

# ڕۆڵی تۆبۆگرافیا
# لە ئاڕاستەكردنی ڕەوتی مێژوو
# لای ڤەرنان پرۆدیل

ئامادەكردنی: سامان حسین ئەحمد

خوێنكاری دكتۆرا لە بەشی مێژوو- زانكۆی سلێمانی

سەرەتایەك دەربارەی لێكدانەوەی ڕۆڵی هۆكاری جوگرافیا بۆ مێژوو جوگرافیا بەرەگەزە جیاجیاكانەوە لە (زەوی، ئاوهەوا، شوێن ....هتد) ئەو شانۆیەیە كەڕووداوەكانی مێژووی لەسەر ڕوودەدات، هاوكات سەرجەم پێویستی یەكانی بوون و مانەوەی ژیانی مرۆڤ دابین دەكات، هەربۆیە بوونی مێژوو كارەكتەرەكانی مێژوویش بەبێ جوگرافیا دەچێتەخانەی مەحاڵەوە.

ئەم گرنگیەی جوگرافیا بۆ مێژوو وایكردووە هەر لەدێرزەمانەوە لێكدانەوەی ڕۆڵی هۆكاری جوگرافی ببێتە یەكێك لەتیۆرە گرنگەكانی لێكدانەوەی مێژووی و بەشێك لەمێژوونوسان بۆ هۆ دەرخستنی ڕووداوە جوزئیەكانی مێژوو،وەهەندێك لە فەیلەسوفانی فەلسەفەی مێژووش لە لێكدانەوەی ئاڕاستەی گشتی مێژوودا باوەڕیان وابێ كە دیاردە جوگرافیەكان كاریگەری سەرەكیان هەیە لە كەوتنەوەی ڕووداوە مێژوویەكان و ئاڕاستەكردنی ڕەوتی مێژوو چونكە ڕەگەزە جیاجیاكانی جوگرافیا كاریگەرن لەدورستكردنی پێكهاتەی جەستەیی و ئەخلاقی و توانای عەقلی و زانستی مرۆڤ كە مرڤیش دروستكەری مێژووە.

بەمەش جوگرافیا کاردەکاتەسەر ئاراستەکردنی مرۆڤ و سەرەنجام ئاراستەکردنی مێژوو بەگشتی،لەم بارەیەشەوە چەندین نمونەی رووداوی مێژووی وەك جەنگ و دیارە شارستانیەکانی تر بەنموونە دێنینەوە کە یەکێك لە توخمەکانی جوگرافیا کاریگەربووە لەکەوتنەوەی یاخود ئاراستەکردنی.

تائێستا کۆنترین نوسراو لەم بارەیەوە کە بەردەست کەوتوە نامەیەکە بەناونیشانی (کاریگەر کەش و ئاو و شوێن) ئەم نامەیە هی سەردەمی گریکەکانەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێنجی پێش زایین کە لەناو بەرهەمەکانی هیپۆکراتدا ماوەتەوە.[١]

هیپۆکرات لەم نامەیەدا بەپێی ئەو ناوچەیەی تێیدادەژی مرۆڤی بەسەر سێ بەشدا لەرووی هێز و قەوالەوە و هەروەها ئەخلاقی مرۆڤیش لەگەڵ ئەو هەرێمەدا گونجاوە کە تێیدا دەژی، بەو پێ یەی ئایا هەرێمەکە چیایی یە یان پێدەشتی یە یان بەئاوە یان وشکانی یە سەرەنجامیش دەەڵێت زۆربەی کات ئەم شتانەی مرۆڤ بەپێی سروشتی ئەو وڵاتە دەگۆڕێت، کەتێیدا دەژێت.[٢] هەروەها هیرۆدۆت (٤٨٢ – ٤٢٥ پ.ز) گەورە مێژوو نوسی گریکی کاتێك کەباسی هێرشەکانی کۆرشی پاشای فارس دەکات ئەم جۆرە بیرۆکەیە دەردەبڕێت و پێی وایە کە کۆرش لەبەر ئەوەندەی ویستووە ناوچە بەپیتەکان داگیربکات، چونکە ئاوهەوای نەرم پیاوەکانی لاواز دەکات.[٣]

فەیلەسوفی بەناوبانگی گریك ئەرستۆتالیس لەلێکدانەوەیەکی لەم جۆرەدا هەوڵیداوە پێشکەوتنی یۆنان لەرووی فیکری و سیاسییەوە بگێڕێتەوە بۆ هاوکاری شوێنە جوگرافیەکەی و ئاوهەواکەی چونکە دەکەوێتە نێوان رۆژهەلاَت و رۆژئاوا، ئەم شوێنەش ئاوهەوایەکی مام ناوەندی هەیە و ئەمەش وایکردووە ك دانیشتوانەکەشی مام ناوەند و گونجاوبن لە ئەخلاق و هەڵسوکەوتدا.[٤]

ئەم جۆرە تێڕوانینە دواتر لەلایەن مێژوونوسی گەورەی سەردەمی رۆمانی سترابۆ (٦٤ پ.ز ١٩ پ.ز) دەرکەوتووە، سترابۆ لە بۆچونەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە کردوەتەوە کە زەوی لەپێنج ناوچە پێکدێت، ناوچەیەکی گەرم کە بەهۆی ئەوەی زۆر گەرمە بۆ ژیانی بەردەوامی ناگونجێت، دووناوچەی سارد کە ئەوانیش لەبەرئەوەی زۆر ساردن بۆ ژیانی بەردەوامی

ناگونجێت، دووناوچەی مام ناوەند کە ئەمانە بۆ ژیان و پێشکەوتن گونجاون [٥] ئەم لێکدانەوەیە بەشێك بووە لە بۆچونەکانی گەورە مێژوونوسی عەرەبیش عەبدولرەحمان ئیبن خەلدون (١٣٢٢ ز – ١٤٠٦ز) لەپێشەکییەکەیدا ئیبن خەلدون لەوکتێبەدا ئاماژە بەکاریگەری فاکتەری جوگرافی بەسەر مرۆڤ و شارستانیەتەوە دەکات و پێی وایە ئاوهەوای مام ناوەند کاریگەرە لەسەر هەڵسوکەوت و ئەخلاقی مرۆڤ و دەڵێت، مرۆڤی ناوچە مام ناوەندەکان مام ناوەندن لە جەستەو رەنگ و ئەخلاق و ئایین.[٦]

کاریگەری ئەم بیرۆکەیە دواتر گواستراوەتەوە بۆ سەردەمە نوێیەکانیش و چەندین بیریار و مێژوونووس و فەیلەسوف هەمان تێڕوانینیان دووبارە کردوەتەوە و پێیان وابووە کە هۆکاری جوگرافی پەیوەندی بەتینی هەیە بە ئەخلاقی مرۆڤ و چالاکیەکانی و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی .... هتد، لەوانە جان بۆدان (١٥٣٠ – ١٥٧٦) کە لەکتێبی کۆماری دا هەوڵیداوە ئەوە بسەلمێنێت کە شێوەی کۆمار دەبێت لەگەڵ ئەخلاقی مرۆڤەکاندا بگونجێت کە ئەوانیش بە ئاوهەوا و توبۆگرافیا کاریگەرن، بۆیە پێکهاتەی سیاسی دەوڵەت و یاساکانی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت.[٧] دوای ئەم هەر لەژێرکاریگەری بۆ داندا شارل دی مۆنتیسکۆ (١٦٨٩ – ١٧٥٥) لەکتێبی گیانی یاساکاندا ئەم جۆرە لێکدانەوەیەی دووبارە کردوەتەوە و سروشتی جوگرافی و تایبەت.

ئاوهەوا بەهۆکاری سەرەکی دەزانێت لەژیانی مرۆڤ کە پەیوەندی بەتینی هەیە بەهەڵسوکەوت و یاسا و سیستەمی کۆمەڵایەتی سیاسییەوە، بەومانایەی جوگرافیا رۆڵی گەورەی هەیە لە ئاڕاستەکردنی مێژوو، بەلای مۆنتیسکۆوە ئاوهەوا رۆڵ دەگێڕێت لەدیاری کردنی سیاسەتی دەوڵەت، ئاوهەوای گەرم ئیمپراتۆریەت و شانشینەکان بەرەوستەم کاری دەبات و مرۆڤیش بەرەو لاوازی و کۆیلایەتی، ئاوهەوای مامناوەندیش دەبێتەهۆی دەرکەوتنی دەسەڵاتی مام ناوەند و گەلێکی ئازاد بەهێز و ئازا هەروەها باسی پەیوەندی نێوان تۆبۆگرافیا دەرکەوتنی ستەمکاری و کۆیلایەتی و ئازادی لەناو دەوڵەتدا کردووە.[٨]

هینری توماس باکل (١٨٢١ – ١٨٦١ز) یەکێکی ترە لەوانەی کە بەم جۆرە لێکدانەوەیە کاریگەربووە، ئەمیش لەکتێبی (مێژووی شارستانیەت لەئینگلترا) هەمان لێکدانەوەی

دووباره کردووەتەوە دەڵێت ئەوە جیاوازی ئاوهەوای نێوان بەریتانیاو یۆنان و فەلەستین و میسر و هیند و چینە بۆتەهۆی کەوتنەوەی جوڵەیەکی مێژووی تایبەت.

بەهەرگەلێکیان یان بەمانایەکی تر ئەو دەڵێت مێژوو لانی کەم لە هێڵە گشتییەکاندا دەرەنجامی ئەو بارودۆخە جوگرافیەیە کە لەشانۆی رووداوەکاندا باوە و فاکتەرەکانی تر بێ بایەخ دەکات.[٩]

ئەگەرچی هەندێ جار ئەم جۆرە لێکدانەوەیە رووبەرووی رەخنەی توند بوونەتەوە بۆ نموونە ڤۆلتێر رەخنەی توندی لەم جۆرە لێکدانەوەیەکی مۆنتیسکۆ دەگرێ بەوەی کە لەگەڵ هەندێك راستی مێژوویدا دژیەك دەکەون، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری ئەم لێکدانەوەیە هەرمایەوە بەتایبەت دوای دەرکەوتنی چەند بیردۆزەیەك کە جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان ژینگەی سروشتی و گەشەی بایەلۆجی دەکەن، بۆ نموونە بیردۆزەی بۆ ماوەی لامارك (١٧٤٤ — ١٨٢٩ز) جەختی لەسەر ئەوە کردوەتەوە کەژینگە ئۆرگانە زیندووەکان والێدەکات خەسڵەتی سروشتی پێکەوە گرێداوە، ئەم جگەلەوەی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەدواوە لێکۆڵینەوە پسپۆڕیەکانی جوگرافیا زۆرترو فراوانتربوون و جوگرافیا بوو بەزانستێکی سەربەخۆ و خاوەن میتود و لقی جیاجیا کەلەوانە لقی جوگرافیای مرۆی بوو، کە ئەم لقە زیاتر مەبەستی لێکۆڵینەوەبوو لەکاریگەری فاکتەرە جوگرافیەکان بەسەر کۆمەڵگای مرۆییەوە و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشتن[١٠]

لەم بارەیەشەوە چەندین لێکۆڵینەوەی نوێ لەسەر کاریگەری جوگرافیا بەسەرکۆمەڵگا مرۆییەکانەوە لەلایەن زانایانی ئەم بوارەوە دەرکەوتن لەوانە لێکۆڵینەوەکانی دیمۆلێز و کوان، کە پێداگریان لەسەر بایەخی تۆبۆگرافیا و رێگاوبان و شوێنی سروشتی لەژیانی مرۆڤ دەکردەوە، هەروەها جوگرافی ناسانی فەرەنسا ریمانجۆن و سێچفرید و ماکس سور جەختیان لەسەر کاریگەری هۆکاری شوێنی جوگرافی کردەوە، دیمانجۆن لەکتێبی (جوگرافیای مرۆیی)دا دەڵێت بیرۆکەی جوگرافیای مرۆڤ لەبنەڕەتدا دەوەستێتەسەر هەرێمە سروشتەکان وەجوگرافیای مرۆڤیش بریتی یە لە لێکۆڵینەوە لەکۆمەڵە مرۆییەکان لەچوارچێوەی ژینگە سروشتیەکاندا، ماکس سوریش جەختی لەسەر پەیوەندی لێکۆڵینەوە لەشوێن و بەزانستە بایەلۆجیەکانەوە

کردووه، هەروەها پەیوەندی مرۆڤ بەژینگەوە و جەختیشی لەسەر کاریگەری فاکتەری شوێن بەسەر ئەندامەکانی جستەی مرۆڤ و چالاکیە جۆراوجۆرەکانی کردوەتەوە.[١١]

هەربۆیە چەندین مێژوونوسیش بایەخی زۆریاندا بەکاریگەری جوگرافیا لسەر ڕەوتی مێژووی گەلان و شارستانیەتەکان و لەم بارەیەشەوە چەندین لێکۆڵینەوەیان بۆ جەخت کردنەوەی ئەم کاریگەریە لە هەرێمێکی دیاریکراو یاخود دەوڵەتێکی دیاریکراو ئەنجامدا کە زیاتر بونەهۆی دەرکەوتنی بایەخی جوگرافیا لە لێکدانەوەی مێژوویدا وەك فاکتەرێکی بزوێنەری ڕووداوەکان. ئەگەرچی ئەمجۆرە لێکدانەوەیە کەباس لەحەتمیەتی جوگرافی دەکات، واتە ئەو ڕایەی فاکتەری جوگرافی بە ئاڕاستەکەری مێژوو دەزانێت تارادەیەك برەوی سەند، بەلاّم لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەم ئەم بیرۆکەیە و هەم تەواوی بیرۆکە حەتمیەکانی تر کەپشت بە تاکە فاکتەرێك دەبەستن ڕووبەرووی ڕەخنەی ئەکادیمییانە و توندبوونەوە بۆیە وردە وردە پاشەکشەیان کرد، سەبارەت بە بیرۆکەی حەتمیەتی جوگرافی ئەوەبوو جاندی سلیسمۆندی هەرلەسەدەی نۆزدەوە لەکتێبی (مێژووی کۆمارەکانی ئیتالیا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا) دەڵێت جوگرافیا ڕۆڵی سەرەکی ناگێڕێت لەڕەوتی مێژوودا لەبەر هۆکارێکی سادە ئەویش ئەوەیە مێژوو لەگوڕان و گەشەی بەردەوامدایە، بەلاّم جوگرافیا نەگۆڕ و وەستاوە، دوای ئەمیش جۆرجی بریکانۆف (١٨٥٦ – ١٩١٨) ئەوەی ڕەتکردووەتەوە کە جوگرافیا ڕۆڵی سەرەکی و کارابگێڕێت لە ڕووداوە مێژووییەکان، بەڵکو ئەو دەڵێت جوگرافیا تەنها کاریگەری ناڕاستەوخۆی لەجوڵەی مێژوودا هەیە، هەروەها کۆڵنکودیش ئەم جۆرە بۆچونە کەلەلای مۆنتیسکۆ باسکراوە بەهەڵە دەزانێت و دەڵێن بۆچونی مۆنتیسکۆ لەسەر کاریگەری جوگرافیا لەمێژوو هەڵەیە، چونکە سروشت کاریگەری نابێت لە هەڵسوکەوتی گەلان و ڕەوتی مێژوویش ئاڕاستەناکات بەڵکو کاریگەری سەرەکی لەمبارەیەوە بریتییە لەتێگەیشتنی گەلان لەبارودۆخی جوگرافی و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵیدا، بۆ نمونە دەکرێت دەریا بەربەست و بەرێگر تێبگات لە کاتێکیشدا دەکرێت بەڕێگای پەیوەندیشی تێبگات هەروەها ئارنۆڵد تۆنیبش پەیوەندی حەتمی نێوان جوگرافیا و ژیانی مرۆڕەدەکاتەوە و دەڵێن، چونکە چەندین شارستانیەتی لیك جیاواز

لەچەند هەرێمێکی جوگرافی لێکچوودا دەرکەوتون ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە کاریگەری تریش هەیە لەسەر ژیانی ئەم هەرێمانە لەپاڵ کاریگەری جوگرافیشدا.[١٢]

سەرەنجام لەسەدەی بیستەمدا وردە وردە تێڕوانینە حەتمیەکان کە پشتیان بەیەك فاکتەر دەبەست بەتێڕوانینی جوگرافیشەوە هێز و توانای خۆیان لەدەستداو تێڕوانینی فرە فاکتەرتوانی شوێنی خۆی بکاتەوە کە فاکتەری جوگرافیش بە فاکتەرێکی گرنگ دەزانێت لەپاڵ فاکتەرەکانی تردا بۆ لێکدانەوەی جوڵەی مێژوویی و کە ڤەرنان برۆدیل مێژوو نوسی فەرەنسیش یەکێکە لەو مێژوو نوسانەی کەپێی وایە مێژوو زانستێکی ئاڵۆزە و لەئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری و جوگرافی وهتد، پێکدێت.

٢. کاریگەری تۆبۆگرافیا لەئاڕاستەکردنی مێژوو و لای برۆدیل.

ڤەرتان برۆدیل ( ١٩٠٠ – ١٩٨٥) یەکێك بوو لە مێژوونووسە گەورە و دیارەکانی سەدەی بیستەم لە فەرەنسا بەتایبەتی و لە ئەوروپا بەگشتی، کە رۆڵێکی گەورەی گێڕا لەوەرچەرخاندنی میتۆدی نوسینەوەی مێژوو و لێکدانەوەی مێژوویی لەشێوە کلاسیکەکەیەوە بۆ شێوەی نوێ، هەروەها رۆڵی هەبوو لە دەرکەوتنی لێکدانەوەی فرە هۆکارانە بۆ ئاراستەکردنی مێژوو، چونکە برۆدیل مێژووی لەزۆنگاوی بایەخدان تەنها بەرووداوە سیاسیەکان دەرکرد و گۆڕی بۆ زانستێکی ئاڵۆز، کە لەچەند لقێکی مەعریفی بەیەکداچوو پێکدێت، کە جگەلە رووداوە سیاسیەکان، جوگرافیا و کۆمەڵناسی و ئابوری و ئایینی و سەربازی و ... و هتد.

برودیل لەو کتێبە بەناوبانگەیدا کە بەناوی (ناوەڕاست و جیهانی ناوەڕاستی لەسەردەمی فیلیپی دووەمدا) نووسیویەتی و نزیکەی (٢٠) ساڵی تەمەنی خۆی لە نووسینەوەیدا بەسەربردووە، بەتەواوی شێوازێکی جیاوازی لەنووسینەوەی مێژوویی گرتۆتەبەر و تەواو دوورکەوتوەتەوە لەشێوازی گێڕانەوەی بەدوایەکدا هاتوویی رووداوەکان مێژوو، بەشێوەیەکی شیکاری و راڤەی و بەکارهێنانی شێوازی بەراورکاری ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئەنجامداوە و لەم نوسینەیدا هەمووشتێك لەژێر قەڵەمەکەیدا بریتی بووە لە مێژوو لە (ئاو و هەوا، تۆبۆگرافیا، دەریاوانی، کشتوکاڵ، بازرگانی، دراو، کانزا بەهادارەکان، تۆڕی گەیاندن، شار، گوند، دەوڵەت ئیمپراتۆریا، کۆچ و رەو، کۆمەڵگا و سەرجەم دیاردەکانی، هەژاری، دەوڵەمەندی، پیاوکوژی، چەتەیی شارستانیەت، جەنگ بەهەموو جۆرەکانیەوە)، ئەگەرچی لەم نووسینەدا برۆدیل لەوەی کۆڵیوەتەوە چۆن دەریایی ناوەڕاست

لەسەردەمی کۆن و ناوەڕاستدا بۆ ماوەی چەند سەدەیەك بۆتە چەقی جیهان و دواتر ورده ورده پاشەکشەی کردووه و لەسەدەی شازده بەدواوه کەوتۆتە پەراوێزی مێژووەوه، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، ئەو هێڵە گشتیانەی کەرەوتی مێژووی ئاراسته دەکەن روون دەکاتەوه.

ڤەرتان برۆدیل ئەگەرچی وەك باسکرا هەموو شتێکی بەمێژوو زانیوه، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی گشتی ئاسۆکانی مێژوو لای ئەو لەدەوری شارستانیەت چڕدەبێتەوه و پێشی وایه شارستانیەت دوو خەسڵەتی سەرەکی هەیه، که یەکەمیان ئەوەیه شارستانیەت راستیەکی واقعیه و خاوەن ماوەیەکی دوور و درێژه ئەوی تریشیان ئەوەیەکه شارستانیەت پەیوەندی زۆر بەتینی بەشوێنه جوگرافیەکەیەوه هەیه هەربۆیه مێژوولای ئەو سنوردار و مەرجداره بەشوێنەکەیەوه و کاته مێژووییەکەش هەربه شوێنەکەیەوه سنورداره و پاشکۆیەتی.[١٣]

هەربۆیه لەم کتێبەدا، که برۆدیل کردوویەتی بەسێ بەشەوه، بەشی یەکەمی بۆ جوگرافیا و رۆڵی لەمێژووی ئەو ناوچانه تەرخان کردووه، وەك خۆی باسی کردووه، زیاتر ئەوبەشه لێکۆڵینەوه لەمێژووی مرۆڤ له پەیوەندی بەو ناوەندەی کەتێیدا دەژیت و گرنگی بەپێدراوەکانی جوگرافیای مرۆیی دەدات، نەك بەو جۆرەی که جوگرافیانەی که باسیان دەکات دەبن بەئامرازێك و یارمەتی دەردەبن له دەرخستنی شێنەیی ترین راستیه بونیادکەرەکانی مێژوو و رێکخستنی رۆڵیان بەپێی هێڵە هەره درێژەکان و سەرەنجام دەرخستنی مێژوو بەشێوه زۆر شێنەییەکەی که بەهای نەگۆڕ دەردەخات، کەواته برۆدیل لەرێی جوگرافیانەوه دەیەوێت بەدوای کۆنترین و سەرەتایترین سەرەداوەکانی مێژوودا بگەڕێت لەسەرەتایترین و شێنەیترین هەنگاوەکانیدا.[١٤]

برۆدیل لەم بەشەی کتێبەکەیدا دوای ئەوەی باسی پێکهاتەی جوگرافی ناوچەکەو پێدراو جوگرافیەکانی کردووه، دوای ئەمه کاریگەری ئەم دیاره جوگرافیانەی بەسەر رەوتی مێژووی ناوچەکەدا باسکردووه و ئەوەی روون کردۆتەوه که چۆن هەر دیاردەیەکی جوگرافی کاریگەر دەبێت لەمۆرکرێژکردنی مێژووی مرۆڤ، ئەم دەسپێکی کارەکانی بەیاسایکردنی رۆڵی تۆبۆگرافیا لەسەر مۆرکرێژکردنی مێژوو شارستانیەتی ئەو ناوچانه باسکردووه که بەچیادەستی پێکردووه، چونکه چیا بەلای ئەوەوه کرۆکی ژیان لەو ناوچانه پێکدەهێنێت.

سەبارەت بەچیا برۆدیل پێی وایە کەسروشتی چیا بەردەوام کۆمەڵگایەکی پەرتەوازە پێکدەهێنێت، چونکە سروشتی چیا ژیانی داخراو دەسەپێنێت و وادەکات دانیشتوانەکەی ناچاربن خۆیان پێداویستیەکانی خۆیان بەرهەم بهێنن، کە ئەمەش وادەکات لەکۆمەڵی بچوك بچوك و پەرتەوازە پێکبێت و نەتوانن شاری گەورە دروستبکەن و بەمەش بەردەوام ئەم ناوچە چیاییانە لە پەراوێزی ئەو شارستانیەتانەدا بمێنێتەوە، کە لەپێدەشتەکاندا دروست دەبن، هەروەها دەڵێت ناوچەچیاییەکان جوگرافیایەکی ئاینی و شارستانیەتی تایبەت دەخولقێنێت، چونکە دانیشتوانی ئەم ناوچانە بەردەوام بە روکەشی و سادەیی ئاین و شارستانیەت وەردەگرن هەربۆیە زۆر بەئاسانی و سادەیش دەیگۆڕن لەکاتی هاتنی ئایینی تردا، بۆیە پێشی وایە ئاین و شارستانییەت لەناوچەچیاییەکاندا بەهای ناجێگیرن.

برۆدیل هەر لەسەر ناوچە چیاییەکان دەڵێت سروشتی سەختی چیاکان وای کردووە کە لەژێردەستەکردنی چیانشینەکان ئاسان نەبێت و پێویستی بەلەشکری بەردەوام بێت هەربۆیە ئەو ناوچانە دەبنە حەشارگەی لەیاسا دەرچوان و راپەڕیوان و یاخیبوان، بەمەش ناوچە چیاییەکان شوێنی بەپیتن بۆ دەرکەوتنی کەمینەی جۆراوجۆر، جگەلەوەی برۆدیل پێی وایە سروشتی چیاکان وادەکات ئەم ناوچانە ببنە مۆزەخانەی شتەکۆنەکان و مۆڵگەی رۆشنبیریە دەگمەن و کۆنەکان و بەقورسی شارستانیەت و ژیانی شارستانیەتیش لەخۆ دەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا پێی وایە لەچیاکاندا ژیانێکی ئازادانە و سەربەخۆییەکی رێژەیی هەیەو جیاوازی کۆمەڵایەتیش لەنێو دانیشتوانەکەیدانیە.[١٥]

برۆدیل پێی وایە سەرباری داخراوی ناوچە چیاییەکان، بەڵام پەیوەندی لەنێوان چیاکان و ناوچەکانی تردا هەربووە، لەلایەك بەهۆی رێرەوە سروشتیەکانی ناوچە چیاییەکاندا تێپەڕتر و ناوچەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە، لەلایەکی تریش بەهۆی کۆچکردنی چیانشینەکان بەهۆی زۆربوونی ژمارەیانەوە و کەمی دەرامەت، کۆچکردنیان بۆ ناوچە پێدەشتی شاریەکان وای کردووە تێکەڵیەك دروست ببێت و هاوکات جیاوازییەکی کۆمەڵایەتیش لەنێوان کۆچەریەکان و شارنشینەکان دروست ببێت، هەروەها ئەم کۆچکردنە برێکی زۆری لەپێداویستیەکانی شار لەهێزی کار و هێزی سەربازی پڕکردۆتەوە، بۆیە برۆدیل دەڵێت چیاکان دروستکەری ئەو

پیاوانەن کە خزمەتی ئەوانی تر دەکەن، ئەمە جگەلەوەی برۆدیل پێی وایە کەژیان و نیشتەجێ بوون لەچیاکانەوە دەستی پێکردووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ ناوچەپێدەشتیەکان، چونکە دەڵێت: (لەکاتێکدا کە ژیان لەچیاکان هەبوو پێدەشتییەکان شوێنی مولێونی ئاوی زستانی چیاکان بوو، لەچەندین زۆرنگاوی گەورە پێکدەهات و دواتر دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆری چیانشینان کرا بەشوێنی نیشتەجێ بوون).[١٦]

سەبارەت بەبانەکانی ئەو ناوچانەش برۆدیل دەڵێت ئەم بانانە دڵی تۆڕی گەیاندن پێکدەهێنن، چونکە ئەم بابەتانە دەکەونە نێوان چیاکان و پێدەشتەکان، جگەلەوەی پێکهاتەی بابەتەکان وایکردووە رێگا بەئاسانی پێیدا تێپەڕێت و دروست بێت سەرەڕای ئەمەش برۆدیل دەڵێت ئەم ناوچەیە گرنگترین ناوچەی کشتوکاڵی ناوچەکە پێکدەهێنێت، چونکە سنوری لەگەڵ چیاکاندا نزیکە و لەرێی ئاوی چیاکانەوە دەکرێت تۆڕێکی ئاودێری باشی بۆ دابین بکرێ، هەروەها ناوچەی بانەکان ناوچەیەکی قەرەباڵغی دانیشتوانە و کەمتریش کۆچ و رەو دەیگرێتەوە بۆیە ناوچەیەکی جێگیرە لەدانیشتوان.[١٧]

برۆدیل پێدەشتەکان بەدروستکەری ژیانی شارستانی دەزانێت و دەڵێت ئەو ناوچانە شوێنی دەرکەوتنی گوندە گەورەکان و شارەکانن و لەم سۆنگەیەشەوە شارستانیەتی رۆمانی بەکوڕی پێدەشتەکان دەزانێت و دەڵێت : لەچیاکاندا سەرکەوتنی وای بەدەستنەهێناوە، ئەو پێی وایە دەرکەوتنی ژیانیش لەم پێدەشتە بەدرەنگەوە بووە چونکە وەك پێشتریش باسکرا پێی وایە شوێنی زۆنگا و مۆڵبوونی ئاوی چیاکان بووە بەلاَم دواتر و دوای پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤ و ئامێرەکان توانیویانە ئەم ناوچانە بکەن بەشوێنی نیشتەجێ بوون، بەتایبەت دوای سەدەی شازدەە و زیادبوونی سەروەت و سامان و دەرکەوتنی سەرمایەداری ئەوەندەی تر پێدەشتەکان بوون بەشوێنی شارستانیەتە گەورەکان.[١٨]

بەمجۆرەش بۆ مان دەردەکەوێت کە برۆدیل سەرەڕای ئەوەی کە مێژوو بەفرەرەهەند دەزانیت، بەلاَم هاوکات جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە کاریگەری فاکتەرە جوگرافیەکان یەکێك لەمەرجەکانی دەرکەوتنی شارستانیەت و مێژووی مرۆڤن و ئەم فاکتەرانە رۆڵیان هەیە لە مۆرك رێژکردنی رووداو رەوتی مێژوو.

پەراوێزەکان

١. د. هاشم يحيي الملاح، المفصل في الفلسفة التأريخ، بيروت، ٢٠٠٧،صـ٢٠٧.
٢. المصدر نفسه، صـ٢٠٧ـ٢٠٨.
٣. المصدر نفسه، صـ٢٠٨.
٤. ئەرستۆتالیست بەگشتی هەرێمە ئاو و هەواییەکان بۆ ناوچە هەڵسوکەوتەکان دابەشکردبوو، دانیشتوانی ناوچە ساردەکان ئازاد و هی ناوچەگەرمەکان ژیر و سرەنگیتی و تەمەڵن. ناوچە مامناوەندەکانیش خەسڵەتی هەردووشوێنەکە (سارد و گەرم) کۆدەکاتەوە و هەروەها ئەرستۆ جەخت لەسەرکاریگەری ئاو و هەوا بەسەر بونیادی فزیۆلۆجی مرۆڤەوە دەکات، بڕوانە: د. محسين عبدالصاحب المظفر- فلسفة علم المكان (الجغرافيا)، عمان، ٢٠٠٥، صـ٢١.
٥. بڕوانە: د. هاشم يحيى الملاح و أخرون، دراسات في الفلسفة التأريخ، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة الموصل، ١٩٨٨، صـ٩٨.
٦. ئبن خەلدون پێی وابوو ژینگەی سروشتی بەزۆری کاریگەری لەکۆمەڵگەی مرۆیی دەکات، چونکە سروشتی کۆمەڵگا بەرادەیەکی زۆر (زەوی، شوێن، بەپیتی، جۆری خۆراك بەرهەمی دەهێنێت، کەرەستەی خاو و ئاو و هەواکەی) دیاری دەکەن، بۆیە سروشت چالاکیەکانی مرۆڤیش دیاری دەکات و جۆری رۆشنبیریەکەشی دیاری دەکات، بۆیە ئبن خەلدون یەو ئەنجامە گەیشت کە شارستانیەت تەنها لەناوچەیەکی دیاریکراو دەردەکەوێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. زينب محمود الخضيري، فلسفة التأريخ عند ابن خلدون، بيروت، ٢٠٠٩، صـ١٠١ـ١٠٨.
٧. هاشم يحيى الملاح- المصدر السابق، صـ٢١٠.
٨. د. جميل موسى النجار، فلسفة التأريخ، مباحث نظرية، بغداد، ٢٠٠٧، صـ١٧٦.
٩. د. عاصم الدسوقي، البحث في التأريخ (قضايا المنهج و الآشكالات) بيروت، ١٩٩١، صـ١٢٤.
١٠. هاشم يحيى الملاح، المصدر السابق، صـ٢١١.
١١. د. محسن عبدالصاحب المظفر، المصدر السابق، صـ٤٥ـ٤٦.
١٢. برِوانة: جميل موسى النجار، المصدر السابق، صـ١٧٨ـ١٧٩.
١٣. د. سالم يفون، الزمان التأريخي، فن التأريخ الكلي الى التواريخ الفعلية، بيروت، ١٩٩١، صـ٤٠ـ٤١.

١٤. ڤرنات بروديل، المتوسط و العالم المتوسطي، ترجمة و ايجاز مروان أبي سمرا، بيروت، ١٩٩٣، صـ٢٣.

١٥. بڕوانه: المصدر نفسه، صـ٢٥ــ٢٧.

١٦. المصدر نفسه، صـ٢٦ــ٢٨.

١٧. المصدر نفسه، صــ٢٨.

١٨. المصدر نفسه، صــ٢٩ــ٣١